### ئەمجەد غەفور لە گفتوگۆیەکدا لەگەڵ ئۆکتۆبەر:

# هەوڵی ئێمە بۆ پێکهێنانی ڕێکخراوێکی جەماوەریی وەهایە کە تەعبیر بێت لە خواستو بەرژەوەندیو مافی ئینسانیو ئازادی خەڵکی کوردستان

**خەسرەو سایە: هەروەك لە راگەیاندنی کۆتایی پلنۆمی 15دا هاتووە یەکیك لەباسە میحوەرییەکانی ئەم پلنۆمە، باسی کیشەی کورد و خواستی بەرپاکردنی ریفراندۆمیك بوو بۆ سەربەخۆیی لە کوردستان، پرسیاری ئیمە ئەوەیە کە پلنۆم لەمبارەوە چ لیکدانەوە و هەلویستیکی تازەی خستۆتە روو، ئایا پلنۆم بەئەنجامیکی تازە لەسیاسەتەکانی تائیستای حیزب لەسەر مەسەلەی کورد گەیشتووە؟**

ئەمجەد غەفور: پلنۆمی پانزەهەم هەم تەئکیدی لەسەر لیکدانەوەی پیشووتری حزب لەسەر کیشەی کورد کردووەو هەم تەرحی نوێشی هیناوەتە ئاراوە. لەبارەی لیکدانەوەی پیشووی ئیمە دەمەوی ئەوە بلیم کەهەمووان ئاگادارن ئیمە کاتی خۆی و بەر لەچەندسال وەبەتایبەتی بەدوای خستنەرووی تەرحی خواستی جیابوونەوە و پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆی غەیرە قەومی و غەیرە دینی لەریگای بەرپاکردنی ریفراندومیك لەکوردستان، لەلایەن هاوری مەنسووری حیکمەتەوە، ئەم هەلویستەمان لەبەرامبەر کیشەی کورددا خستەروو. بەلام ئیستا کەئەم مەسەلەیە بە دوای رووداوە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستان و عیراق کە بەشوینیك گەیشتووە خەریکە دەولەتی عیراق سەرلەنوی سازدەبیتەوە، بەداخەوە لەگەل رووخانی رژیمی بەعس ئەو فرسەتەی کە پیکهات بۆ دامەزراندنی دەولەتیکی سکولار و مەدەنی لەعیراقدا، کە ریگابدات بەوەی خەلکی کوردستان لە مافی هاولاتیبوونی یەکسان بەهرەمەند بێت، لەدەستچووو بارودۆخەکە تاهاتووە بەپشتیوانی ئەمریکاو کۆنەپەرستان، دەستی ناسیونالیزمی عەرەبی وئیسلامی سیاسی زال کردووە، وە ئەمەش خەتەری گیرانەوەی خەلکی کوردستانی بۆ ژیر سایەی ئەم هیزانە لەپرۆسەی پیکهاتنەوەی دەولەتی عیراقدا کردۆتە ئیحتمالیکی بەهیز. لەحالەتیکی واشدا کارکردن بۆ نەجاتدانی خەلکی کوردستان لە گەرانەوە بۆ ژێر ستەمی نەتەوایەتی و ژیردەستەیی ئەرکی ئیمەیە بەرلەهەرکەس و لایەنیکیتر.. لیرەدا ئەتوانم بلیم کەپلنۆمی 15 تەرحیکی تازەی خستەروو. لەم بارەیەوە مەسەلەی پیکهێنانی ریکخراویکی سیاسی جەماوەری خرایە روو کە ئامانجی رفراندۆم بیت بۆ سەربەخۆیی کوردستان. خواستی پیك هاتنی ئەم ریکخراوە جەماوەریە سیاسیەش لەو روانگەیەوە باسکرا، کە خواستی فراوانی ئیستای خەلکی کوردستان بە کەسانو لایەنو گروپو ئەحزابی جیاجیاوە بەدوای خواستی پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆیە لە کوردستانی عیراقدا، ئەمە واقعیەتیکەو دەبیت حیزبی ئیمە تەرحی عەمەلی و واقعی بخاتە دەستووری کارەوە بۆی، بۆیە پیداویستی ریکخراویکی جەماوەری کە هەولبدات بۆ بەرێ خستنی ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستانو دامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە دینیو غەیرە قەومی، لە ئیستادا بەلای ئیمەوە ریکخراویکی لەوچەشنە وەلامیکی سیاسی عەمەلیو ریکخراوەییە تا ریزی ملیونی خەلکی نارازی لە کوردستاندا ریکبخاتو یەکبخات وە دەنگی بگەیەنێ بە هەموو دنیا.

هەولی ئیمە بۆ پێکهێنانی ریکخراویکی جەماوەری وەهایە کە تەعبیر بیت لە خواستو بەرژەوەندیو مافی ئینسانیو ئازادی خەلکی کوردستان، وە لە هەولی ئەوەدا دەبیت وەك هیزیکی سیاسی بیتە مەیدان تا لەوە زیاتر ئەحزابی ناسیۆنالستی دەسەلاتدار لە کوردستاندا یاری بە چارەنوسی خەلکی نەکەن، وە ئەوەی چەندها سالە خەلکی بێ ئیرادەو بێ دەخالەت کراوە، خەباتی ئەم ریکخراوە ئیرادە دەگەرینیتەوە بۆ خەلکیو دەوری بنەرەتی ئەدا بە دەخالەتی خەلکی لە دیاری کردنی چارەنوسی خۆیدا.

**خەسرەو سایە: ئیوە باستان لەپیکهینانی ریکخراوەیەکی جەماوەری بۆ خواستی سەربەخۆیی کرد، وەك یەکیك لە تەرحە نوییەکانی حیزب، لەم بارەوە پرسیارمان ئەوەیە ئەم تەرحە چ پەیوەندییەکی بە هەلبژاردنەکانی ئیستای عیراقەوە هەیە، ئایا ئیوە دەتانەویت باس لەریکخراوەیەکی وابکەن بۆ کاتی ئیستا کە هەلبژاردن لەئارادایە، یان دەتانەوی چی پیبکەن دوای تەواوبوونی هەلبژاردنەکان، بەتایبەتی کەئەگەر خواستی ریفراندۆم پیش هەلبژاردنەکان بەدی نەیەت؟**

ئەمجەد غەفور: تەرحی پیکهینانی ریکخراویکی جەماوەری بۆ خواستی سەربەخۆیی لە پەیوەند بە هەلبژاردنی عیراقەوە نەهاتۆتە ئاراوە، وەك ووتم لەسەر بنەمای واقعیەتی ئیستای کوردستانو نارەزایەتی ریزی ملیونی خەلکی کوردستان بە وەزعی ئیستای عیراقو مانەوەی کیشەی کوردو خواستی جیابونەوەو پیکهینانی دەولەتیکی سەربەخۆ تەرحی پیك هینانی ئەو ریکخراوە هاتوتە ئاراوە. بەلام ئیستا کە ئەحزابی سیاسی

کۆنەپەرست لە عیراقو کوردستاندا خەریکی سیناریۆی هەلبژاردنن‌و خەلکی کیش دەکەن بۆ ئەو هەلبژاردنە، دیارە ئەو ریکخراوەی ئیمە لە هەولیدایین گەر پیش هەلبژاردنەکان پیکمان هیناو راگەیەندرا، ئۆبژیکتیف بەرخورد بەو هەلبژاردنە دەکات، لەو شوینەوە هەلویست وەردەگریت کە چی بە قازانجی خەلکە، ئەوەی ئیستا ئاشکرایە خودی ئەو هەلبژاردنە ناکۆکە لەگەل ئامانجی ریکخراوێك کە ئیمە مەبەستمانەو کاری بۆ دەکەین‌و ناکۆکە بە خواستی جیابونەوەی کوردستان، چونکە لەئیستاوە ئەو دەولەتەی دانراوەو پەرلەمانی هەلبژیردراو پیکی دەهینن، دیاری کراوە کە بەشیکە لە وولاتانی عەرەبی، رفراندۆمی خەلکی کوردستان رەت دەکاتەوە، ئیسلام تیا بالادەستە، ... وەلامی ئیستای ئیمەش دروشمی رفراندۆمە پیش هەلبژاردن، ئەوەی لە پرۆسەی ئەم دەورەیە تا کۆتایی هەلبژاردنەکان دیارە کە سیناریوی گالتەجاری هەلبژاردن دەوری شانۆیی خۆی تەواو دەکات، بەلام کاری ئیمە بەردەوامی خۆی هەیەو دەبیت وەلام بە خواستی خەلکی کوردستان بدەینەوە، هەلبژاردن جگە لەوەی جوابگۆی خواستی خەلکی نیە، بەداخەوە چاوەروانی ئەوە دەکریت کارەساتی ناخۆش بەدوای خۆیدا بهینن، هەروەك پەرلەمانی 92 لە کوردستاندا شەری پارتی‌و یەکیتی بەدوای خویدا هینا، دەبیت ئیمەش هیزێکی وەها بە نفوزو گەورە دروست بکەین تا بتوانی بەرهەلستی هەر واقعیکی مەترسیدار ببیتەوە، خواستی جیابونەوەو ریفراندۆم هەنگاو بە هەنگاو بباتە پیشەوە.

**خەسرەو سایە: بەدوای ئەم رۆشنکردنەوانەی ئیوەدا، دەکری پیمان بلێیت نەخشەی ئیوە بۆ پێکهێنانی ریکخراوەیەکی لەمجۆرە چی‌یە؟ واتە ئەو هەنگاوە عەمەلی‌یانە چین کە بۆ دامەزراندنی ریکخراوەیەکی جەماوەری بۆ داوای ریفراندۆم پیویستن؟**

ئەمجەد غەفور: هەر ریکخراویکی سیاسی جەماوەری دیارە پیش وەخت پیوستە دەستەی دامەزرینەرانی پەیدا بن‌و رای بگەیەنن، کە سەرەتا ئەمە پیشنیارو دەستپیشکەری حیزبی کۆمۆنستی کریکاریی عیراقە، هاوریانیك لە رابەری حیزب دەستمان کردووە بە کارە سەرەتاییەکانی پیکهێنانی ئەو ریکخراوە کە لە هەنگاوی یەکەمدا پەیوەندیمان بە کەسایەتی‌و هەندێ لایەنی سیاسی کردووە، کە بەگشتی لەو بارەوە هەلۆیستی ئیجابییان بووە، دیارە لەگەلّ بۆچونی جیاجیاش بەرەو رووبوین، بەنیازین دوای پەیوەندییەکی بەرفراوان بە کەسایەتییەکانەوە، لیژنەیەك دیاری بکەین‌و بە ئیمزای کەسایەتییەکان بەیانی راگەیاندنی ریکخراوەکە بلاودەکەینەوەو هەول ئەدەین بەدوای راگەیاندنی ریکخراوەکە خۆمان ئامادەکەین بۆ کۆنگرەیەك‌و رابەریی ئەو ریکخراوە لەوێدا دیاری بکریت، هەروەها ئامانج‌و بنەما ریکخراوەییەکانی ئامادە دەکریت، هەول ئەدریت لە سەرتاسەری کوردستاندا بنکەی بۆ بکریتەوەو ئەندام گیری بکات.

**خەسرەو سایە: ئایا بیرتان لە ناوی ئەو ریکخراوە کردۆتەوە.**

ئەمجەد غەفور: چەند پیشنیاریك بون بەلام خۆمان‌و زۆربەی ئەو کەسانەش کە پەیوەندیمان لە گەلدا کردون ناوی "کۆنگرەی رفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان" پەسەند دەکەن.

**خەسرەو سایە: باشە ئەم ریکخراوە نابیتە ئەلتەرنەتیڤی حیزبی کۆمۆنستی کریکاری، جیگاو ریگای حیزب چۆن دەبیت؟**

حیزبی کۆمۆنستی کریکاریی عیراق بەرنامەو ستراتیژی خۆی هەیە، هەلسوران‌و سیاسەتی کۆمۆنستی لە تەواوی عیراقدا پیادە دەکات کە لە هەر لەحزەی خەباتیدا بەدوای بەجێ گەیاندنی شورشی سۆشیالیستیەوەیە، بۆ هەر کیشەیەکی کۆمەلایەتی‌و سیاسی وەلامی عەمەلیی گونجاو بەریوەدەبات، پیك هینانی ئەم ریکخراوەیەش لە ئیستادا وەلامیکی عەملی‌و واقعیە بۆ ریکخستنی خەلکی ئازادی خوازو رادیکال‌و ریزی ملیونی خەلکی کوردستان کە خواستی جیابونەوەیان هەیە، بۆیە ئەو ریکخراوە ناتوانی ببیتە ئەلتەرنەتیڤی حیزبمان، هیج کامیان حیزبمان‌و ئەو ریکخراوە لە ئیستادا جیگەی یەکتر ناگرنەوە بەلکو ئەتوانن پشتیوانی یەکتر بن و ئەو ریکخراوەش ئەتوانی ببیتە مەیدانیك لە ریگەی وەلام بەخواستی خەلکی کوردستانەوە و یەکخستنی ریزەکانی خەلکیەوە، حیزبمان هەلسورانی کۆمۆنستی خۆی تیا بەریتە پیشەوە.

**خەسرەو سایە: ریکخراوەیەك کەئیوە باسی دەکەن، حەتمەن پیرەوی ناوخۆوو ئامانجی راگەیەندراوی هەیە تا خەلکی و لایەنەکان بتوانن لەنیویدا کۆببنەوە، لەمبارەوە ئەگەربکری لەبارەی پیرەوی ناوخۆو ئەهدافەکانی ئەم ریکخراوەوە هەرچون بووە زانیاریەیەکی زیاتر بەخوینەرانی ئۆکتۆبەر رابگەیەنیت.**

ئەحمەد غەفور: وەك پیشتر ئاماژەم پیکرد ئامانجی ئەم ریکخراوە بەرپاکردنی رفراندۆمیکە لە کوردستاندا بۆ سەربەخۆیی کوردستان واتە 1/ رفراندۆمیك لە تەواوی ناوچە کوردنشینەکانی عیراقدا بەرپابکریت سەبارەت بە پرسی سەربەخۆبون یا مانەوە لەچوارچیوەی ولاتی عیراقدا. 2/ دامەزراندنی دەولەتی سەربەخۆ لە کوردستانی عیراقدا. 3/ شەرعیەت دان بەو بریارەی خەلکی کوردستان کە لە رفراندۆمیکدا دەیدات. 4/ دامەزراندنی دەولەتیکی غەیرە قەومی و غەیرە دینی کە مافی یەکسانی هاولاتیان دابین بکات بە دوور لە جیاوازی دینو رەگەزو نەتەوە و زمان. 5/ بەدیهینانی ئازادیو خۆشگوزەرانیو زەمانەتی ئاسایشو دوور بونی لە هەرەشەی تیرۆریزم. 6/ دابینکردنی یەکسانی هەمەلایەنەی مافی ژنانو پیاوان.

کە هەول ئەدەین لە کاتی گونجاو بە ریککەوتنی ئیمەو کەسایەتیەکان ئەم ئامانجانە لە بەیانیکدا بکەینە راگەیاندنی ئەو ریکخراوە، هەروەها بانگەوازی خەلکی کوردستان دەکەین بینە ریزی ئەم ریکخراوەیەوەو دەنگی نارەزایەتیان لە ریگەی ئەم ریکخراوەیەوە یەکخەنو راگەیەنن.

**خەسرەو سایە: کێ دەتوانیت ئەندام بیت لەم ریکخراوەیەدا؟ واتە مەرجی ئەندامیتی چ لەئاستی بالای ریکخراوەکەو چ وەك هەلسوراویك تیایدا چیە؟ ئایا لایەنەکان، واتە ئەحزاب و ریکخراوەی تری جەماوەری دەتوانن ئەندام بن تیایدا؟ بەتایبەتی ئایا یەکێتی و پارتی و نوینەرانیان دەتوانن لەم ریکخراوەیەدا ببنە ئەندام؟**

ئەحمەد غەفور: هەرکەس پاریزگاری لەو مافانەی خەلکی کوردستان دەکات کە بەچەند خالیك لەسەرەوە دیاری کراون دەتوانیت ببیتە ئەندامو هەلسوراوو رابەری ئەو ریکخراوە، واتە مەرجی ئەساسی پاریزگاریە لەو مافانەو کارکردنە بۆی، ئیتر هەر کەسێ بە هەر ئیدەو بۆچونیکەوە یا سەر بەهەر حیزبو ریکخراوێکی سیاسیو جەماوەری بیت رێگری بۆ بوون بە ئەندامیو هەلسورانی سیاسی لەو ریکخراوەدا پیك ناهینریت. دیارە ئەو ریکخراوە دەبیت پەیرەوو بنەمای ریکخراویی تایبەت بە خۆی هەبیت کە ئەوانە ئەتوانری دواتر بە ریکەوتنی دامەزرینەرانی ئەو ریکخراوە دابریژریت.

**خەسرەو سایە: هاوری ئەحمەد، هەوەك خوتان دەزانن ، "کەمپینی ریفراندۆم بۆسەربەخۆیی کوردستان" و "بزوتنەوەی ریفراندۆم" وەك دوو پیکهاتە لەم مەیدانەدا کاردەکەن، هەلویستی ئیوە لەسەر ئەم پیکهاتووانەچیە؟ ئایا ئیوە پەیوەندی و کاری هاوبەشتان لەگەلیاندا دەبی؟ یان خۆتان بەجیا کاردەکەن و ئەم ریکخراوەیە پەیوەندی پییانەوە نابیت؟**

ئەحمەد غەفور: دیارە کە مەودای ئاسۆو هەلسورانی سیاسیو ریکخراوەیی ئەم ریکخراوە زۆر فراوانترە لە کەمپینی ریفراندۆمو بزوتنەوەی رفراندۆم، هەروەها لە باری واقعیەشەوە هەلخراندنو پتەو کردنی بزوتنەوەیەکی جەماوەریە بۆ جیابونەوەی کوردستانو خواستی سەربەخۆییو پیکهێنانی دەولەتیکی غەیرە دینیو غەیرە قەومی، واتە ریکخراویکی سیاسیەو ئامانجو سیاسەتی سەربەخۆی دەبیتو بنەمای ریکخراوەیی خۆی دادەریژێ، هەولئەدات وەك هیزیکی سیاسی بیتە مەیدانو پیداگر لەسەر رفراندۆم بۆ سەرخۆیی کوردستان خەبات دەکات، بۆیە سەبارەت بەو لایەنانەی تر ریگەیەکی ئەوەیە کە پەیوەست بن بەم ریکخراوەو بەهیزی بکەن، یان ریکەوتنو پشتگیریو کاری هاوبەش لە نیوانمادا هەبیتو نەکەوینە بەرامبەری یەکترەوە، لە کاتیکدا کە هەولی ئیمە یەکخستنو ریکخستنی  خواستی جەماوەری کوردستانە بۆ جیابونەوە، هەر لایەنێ بە تەنگ ئەم مەسەلەیەوە بیت پیشوازی لیدەکەینو پشتی دەگرین، هەروەها پیش وەخت ئیمە ئەم باسانەمان لەگەل ئەو لایەنانەدا کردووە کەمپینی ریفراندۆم ئامادەیی پەیوەست بونی بە ریکخراوەکەوە دەربریوەوە بۆ ئەم مەسەلەیەش فەعالانە کاری بۆ دەکەن، هەروەها بزوتنەوەی رفراندۆمیش قسەمان لەگەلدا کردون، لەگەل هەندێ بۆچونی جیاوازماندا دەستپیشکەرەیەکەیان پێ باشەو بریارە لە دانیشتنی خۆیاندا باسی لی بکەنو وەلامان بدەنەوە.